# حزب و گۆڕان

**مەهدی کامیل " نیا"**

هەرپرسێك کەسەرهەڵدەدا،بەناو مێژوودا گوزەردەکات، بەردەوام برەو بەهێزیململانەو کێشمە کێشدەدات،ئەم ململانەیەش لەنێوان دووهێزی دژبەیەکدایە،هێزی کۆنە خوازو سەلەفی وکۆنسەرڤاتیڤ، هێزی نوێ کارو لیبڕاڵوئایندەخواز،خودی ئەم دووهێزە (ڕەوتە)لەناوەوەی خۆیاندا لەململانەدان بۆوەلاوەنانی کاریگەری یەکتری ،چونکە نوێبەردەوام لەنێو منداڵدانی کۆندادێتە بون، وەهەڵگری سەرجەم ئەو لایەنە پۆزەتیڤانەشە کەکۆن هەڵگریبوە .ململانەی ئەم دوو هێزە پاڵنەری ئەنجامدانی گۆڕانە لەسەرجەم ئاست ولایەنەکاندا ،بەڵام گرنگەبزانین چیدەبێتە هۆی ئەوەی کەئەم مۆدێلانە بەدوای یەکدا جێی یەکتربگرنەوە..بەشێوەیەکی گشتی ئەشێت بوترێت گۆڕان دوو ئاڕاستەی هەیە ،ئەشێت خەون بینین وخەیاڵکردن بێت بۆ بەرجەستەکردنی واقعێك ،یان هەوڵدانبێت بۆبەواقعی کردنی خەیاڵێك. ئەم پڕۆسەیەش لەسەرکەلاکی واقعی وەستاو بینادەکرێت ،دەتوانین بەم جۆرەگۆڕانەش بڵێین گۆڕانێکی پێشکەوتو خوازانە، یان گۆڕان بەئاڕاستەی هەڵکشان بۆ سەرەوە.بەپێچەوانەشەوە دەکرێت کار بۆگێڕانەوە وزیندو کردنەوەی ئەو شتانە بکرێن کەلەدەست چون وەکارکردێکی ڕاستەوخۆیان نەماوە، یان کەم بۆتەوە، وەهەندێکیان بونەتە مێژوو، یان لانیکەم زیندو هێشتنەوەی واقعی وەستاو وسائد ببێتە بەشێك لەم پڕۆسەیە، ئەم حاڵەتەش گۆڕانە بەڵام بەئاڕاستەی گەڕانەوە واتە بەرەوڕابردوو.هەمیشە گۆڕان لەژێر فشاری کۆمەڵە فاکتەرێکی مەوزوعی زاتیدا ڕودەدات ،چونکە هەموو بیرکردنەوەیەك (هەوڵدانێك)خۆی لەخۆیدا ئاگاییە،ئاگایش هەمیشە لەئاست بابەتێکدا ڕودەدات ،جامەوزعی بێت یان زاتی .کەواتە هەمو گۆڕانکاریەك ڕەنگدانەوەی واقعێکی وەستاوە ،ڕەتکردنەوەی ئەم واقعەودامەزراندنی واقعێکی نوێتر لەجێگایکەلەواقعە واستاوەکە لە پێشترو جیاوازترە. گۆڕینی دنیاو دامەزراندن و بەدیهێنانی ژیانێکی باشترو ئارەزومەندانە هەمیشە وبەردەوام خواستێکی کۆمەڵایەتی مێژووی ئینسانەکان بوە لەم پێناوەشدا بەشەریەت قوربانی زۆری داوە.بەدیوەکەی تریدا گۆڕان ئەشێت گۆڕانێکی زاتی بێت وەڵام دەرەوە بەخواست وئارەزوەکانی ناخی مرۆڤ، یان پێداویستیەکانی هەرکۆمەڵگایەك دابینبکات وەك زەرورەتێکی حەیاتی سەیربکرێت ، لەهەمانکاتدا دەشێت ئەو گۆڕانە بەشێوەیەکی مەوزوعی ڕوبدات سەربەخۆ لەئارەزو خواستەکانی مرۆڤ، وەدەبێت بەناچاری قبوڵیبکات و پەنای بۆببات هەندێك جار.هەمیشە بۆ مرۆڤ ساناتر بوە لەجیاتی ئەوەی هەستێت بەکارێکی شۆرش گێڕانە لە دژی واقعی وەستاو، وەئاڵوگۆڕی شۆڕش گێڕانەی بە سەردابهێنێت ،پەنای بردۆتە بەر گۆڕینی بیروبۆ چونەکانی وەدەستبەرداری ئارەزوە زاتیەکانی خۆی بوە ،لەجیاتی واقعەکە بگۆڕێت .ئەمەش بە نامۆبون (چەپاندن)و لاوازی بۆ مرۆڤ ئاژماردەکرێت. دەتوانم بڵێم خاڵێکی لاوازی کوردو بزوتنەوەکەی

هەمیشە ئەوەبوە کە ویستویەتی خۆی لەگەڵ مەوزوعیەتی کێشەکەیدا بگونجێنێت وەدەست بەرداری بەشێك لەخواستەکانی بوە،بۆیە هیچ کاتێك نەی توانیوە وەلامی واقعی وکۆتای بەخواستە ناوەکیەکانی بداتەوە، زۆرجار کەوتوشەتە سەنگەری بەرامبە لەگەڵ خۆیدا.ئەحزابی ناسیۆنالستی کوردی بەرەغمی ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی دەسەلاتی مەرکەزی بوون ، بەلام هەمیشە وبەردەوام لەگفتوگۆدابون لەگەڵئەودەسەلاتانەدا،بەلام لەشەڕێکیبەردەوامدا بوون لەگەڵ خۆیاندا .شەڕی ناوخۆ دواین وخوێناویترین نمونەیە ،شەڕی ناوخۆ ئەنجامی خەست بونەوەو کەڵەکەبونی ناکۆکی ناوخۆی چەندان ساڵەی ئەحزابی ناسیۆنالستی کوردیە،حزب وەك هەڵگری ئەم ناکۆکیە بۆ خۆی جێگای سەرنجە ،حزب خۆی چیە؟ئامانجی حزب چیە ؟حزب چۆن لەبەرچی وەبۆچی دەبێت دروست ببێت؟حزب وەك بەرهەمی مۆدێرنە ئایەمەرجەلەهەموو کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بوونی هەبێت؟.کۆڵۆنیالیزم کاتێك دێت هەڵگری مۆدێرنەیە،یان مۆدێرنە درووست کەری کۆڵۆنیالیزمە، بەلام ئەگەر سەیری مۆدێرنە خۆی وەئەوپرۆژەیەی هەڵیگرتوە،دەبینین، ناسنامەی مۆدێرنەخۆی لەسەر ئەو بناغەیە بونیادناوە کە جیاوازی لەنێوان دووناوچە لەجیهاندابکات.ناوچەی شارستانی کەدرووستکەری پرۆژەی گەشەیە،خاوەنی مێژووی گەردوناویە، هەروەهاناوچەی ناشارستانی کەبەکاربەری پرۆژەی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایە ،خاوەنی مێژووی لۆکاڵی وپاشکۆیە ،ئەمەش دواتر بوبە هۆیەك بۆ کۆڵۆنیالیزەکردنی ئەوبەشە ناگەردوناویە .لەم حاڵەتەشدا مۆدێرنە ناخوازێت وبەلایەوەگرنگ نیە چۆن ئەویتر تەماشای دەکات، ئەویتر بۆئەم دەمێکە مۆنۆپۆڵکراوەو ماهیەتیشی دەست نیشان کراوە. وەکاتێك ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کۆڵۆنیالیزە دەکرێت، لەلایەن ئەم هێزەوە . دەوڵەتی عوسمانی ئیسلامی کەتائەوکاتە ستراکتۆری کۆمەلایەتی ،خێڵو بەداوەتە ،پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان وخاوەنداریێتی بەتەوای فیودالێن ،هێزەکانی بەرهەمهێنان ، تەکنیك ،شارەزای ،زانست لەوپەڕی نزمیدان. ئایدۆلۆژیای ڕەیسمی ئاینی ئیسلامەو سەرچاوەی سەرجەم ئایدیاو لێکدانەوەکانە ،حکومەتی تیوکراسی حوکم دەکات ،لەڕوی ئابوریەوە لەئاستی نزم و ناوخۆیدا پشت بەباج وسەرانە دەبەستێت ،لەمەودای فراوان ودەرەوەیدا، بەڕسمی ئابوریەکەی پشت بەدەستکەوتەکانی شەڕ وتالانکردنی دەوڵەتان دەبەستێت، بەهاتنی کۆڵۆنیالیزم تێك شکاو بیری جوداخوازیو ناسیۆنالستی سەری هەڵدا،ئەو بزوتنەواتەی پاشان سەریان هەڵدا تائێستاش ئەم گیانەیان پاراستوە ،نەیان توانیوە لەژێرکاریگەری ئەوپێکهاتەی دەوڵەتی عوسمانی ئەوکات دەربچن. بەلام ئەم بیرە جیاوازە لە ناسیۆنالستی ئەورووپی کە لانکەی یەکەمی ناسیۆنالیزمە .ناسیۆنالیزم لە ڕۆژئاوا دەرچون بو لە شوناسە دینیەکە وەدەرئەنجامی گەشەی ناوخۆیی بو،لەدایك بونی لەجەوهەردا پابەندی هەرەسی دەسەلاتی دینە لەخۆرئاوادا ،بەلام ناسیۆناڵیزم لە کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتیەکاندا دەرەنجامی گەشەی ناوخۆی کۆمەڵگاکان نیە ،بەڵکە کاردانەوەیە لەبەرامبەر بەبێگانەدا، هاتنی بێگانەیە کە ناسیۆنالیزم لەم کۆمەڵگایانەدا زیندو دەکاتەوە و دەیکات بە

پرۆژەیەکی سیاسی کەپێشتر ئەم کۆمەڵگایانە نەیان ناسیوە ،هاوکات دەسەلآتی (لاهوتی)دینی هێشتا کاریگەرە ،نەك لەناونەچوو بەڵکە ناسیۆنالیزمی مۆدێلی شەرقی خۆی موتوربەکرد لەدین ، واتە کوڵاج کردنی دین و ناسیۆنالیزم.داجارئەوەی لێکەوتەوە کە ناسیۆنالیزم وەك ئایدۆلۆژیای ئاینی خۆی بەمتڵەق دانا،وەباوەڕی بەئازادی هیچ ڕەگەزو ئایدۆلۆژیایەکی جیاواز لەخۆی نە بوو نیە، واتە لەیەك کاتدا ناسیۆنالیزم نوێنەری خۆیو دینیشە وەسەرجەم ئەو دەوڵەتانەی پاشان دروست بوون دەوڵەتی ناسیۆنالی بوون و ئایدۆلۆژیاڕەسمی دەولتیش ئاینی ئسلام بوە.جگە لە تورکیا، حزب کەبەرهەمی مۆدێرنەیە، دێتە ناو کایە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکەوە،وەدەبێتە کارەکتەری سەرەکی .وەڕەوتی زاڵ و سائید کەناسیۆنالیزمە لەخۆیەوە دەئاڵێنێت ،دەبێتە بەشێك لە سەرخانی کۆمەڵگا.بەلآم ئایە تاکوێ ئەم ڕەوتە دەتوانێت بڕواتو درێژە بەژیانی خۆی بدات؟ ئایە حزب یەکەیەکی متەجانس وهاڕمۆنیە وقابیلی گۆڕان نیە؟.بەنەمانی کۆڵۆنیالیزم ناسیۆنالیزمیش لەگەشەی خۆی دەوەستێت؟یان دەبێتە دەسەڵاتێکی ئیستبدادی تۆتالیتار؟ کەدواجار دەبێتە هەڕەشە لە سەر ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان . ستراکتۆری کۆمەڵ لە سەرخان وژێرخانەکەی پێکهاتوە ،پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیەکی دیالەکتیکیانەیە .ناتوانرێت لێك جیابکرێتەوە ،هیچ سەرخانێك بەبێ ژێرخانێکی دیاریکراو بونی نیە ،هەروەك هەرژێرخانێکی دیاریکراویش سەرخانێکی تایبەت بەخۆی دروست دەکات ،واتە ئەوە ژێرخانە دواجار بڕیار دەدات سەرخان چۆنبێت. حزب وەك بەشێك لەووشیاری کۆمەڵایەتی وەك گروپێکی زیندو بەشێکیش لەسەرخانی کۆمەل پێك دەهێنێت ،بێگومان هەرحزبێك ئامڕازی ئامانجێکە ،واتە هەرحزبێکی سیاسی لەبنەڕەتدا لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراودا دروست بووە.کەواتە هەر حزبێك سەرمایەیەکی سیاسی هەیە ، کەیەکسانە بە ستراتیژو تاکتیکی کارو هەڵسوڕانی ئەو حیزبە . واتە سەرخانی ژێرخانێکی دیاری کراو ..ئالێرودا پرسیارێك سەرهەڵدەدات... ،هەرکاتێك حزب گەشتە ئەم ستراتیژە یان ئاستەنگەکانیبەردەمەی توشی لەناوچون هات ، ئایە ئەمە یەکسان نیە بەئیفلاسی ئەو سەرمایە سیاسیە ؟ لەم حاڵەتەشدا ،ئایە حزب دەبێت خۆی هەڵوەشێنێتەوە ؟ چونکە لەسەر ئەرزی واقع هیچ هۆکارێك نەماوە بۆ مانەوەی .واتەئەو بابەتەی ئەوی وەك دژە بابەت خوڵقاندوە ،خودی بابەتەکە لەزەمەنی ئێستادا غائبەو وجودی نەماوە.ئەگەر خۆی هەڵنەوەشێنێتەوە چی بکاتە ئامانجی خەبات وتێکۆشانی خۆی ؟یان دەبێت تەحەول بکات بۆکایەیەکی تری نێو کۆمەڵ..ئەگەرحزب نەی توانی ئەم کارەبکات لەدۆزینەوەی خاڵو میکانیزمی دروستدا شکستی خوارد،چارەنوسی بەرەو کوێدەڕوات ؟بەشێك لە میکانیزمی کارو تێڕوانینی خۆی لەدەست دەدات وبەرەو پوکانەوە دەڕوات تادەگات بەخاڵی کۆتای.ئالێرەوە دەتوانین بڵێین گۆڕان پڕۆسەیەکی ئارەزوو مەندانەنیە ئێمە داغڵیبین. بەقەد ئەوەی پڕاگماتیکیو بەرژەوەندی خوازانەیە، وەهۆکارێکیشە بۆمانەوە ودرێژەپێدان .لەسەر بنەمای دیالەکتیکی مارکس کۆمەڵهەمیشە وبەردەوام لەحاڵەتی گۆڕاندایە،

ئەوگۆڕانانەش بەرهەمی ئەو گۆڕانانەن کەلەئاستی ژێرخاندا ڕودەدەن. هەرکاتێك ژێرخان گۆڕانی بەسەرداهات سەرخانەکەشی دەگۆڕێت ،کەواتە گۆڕان پڕۆسەیەکی حەتمیە ناتوانرێت ڕابوەستێنرێت .بەڵام دەکرێت خێرا یان لەسەرخۆ ڕوبدات، ئەوەش لەسەر زەمینە مادی و مەعنەویەکانی بەندە ،دواجار لەسەر ئیرادەی شۆڕش گێڕانەی ئینسانەکان.حزب بۆئەوەی هەمیشە بەزیندوی بمێنێتەوە پێویستە هەمیشە نەیاربێت ،وەلەململانەی گەرمدابێت لەسەر ئاستی سیاسی ئابوری کۆمەڵایەتی کلتوری ،لەگەڵباقی هێزەکانی تری نێوکۆمەڵدا ،چونکە هەموو ئەمانە بەردەوام لەنوێ بونەوەو گۆڕاندان،پێویستیان بەهێزێکی کۆمەڵایەتیە تاتەرجەمەیان بکات بۆ واقع .ئەشێت ئەمانە سەرمایەیەکی باشبن بۆ کارو هەڵسوڕانی حزب .سەرکەوتنی حزب لەوەدایە کە ڕێك بەکۆتاییەکی دیاری کراوناگات ،بەڵکو لەدۆزینەوەی بزاڤێکی بەردەوامدایە لەدەسەر ئاستی گەمە ئابوری وکۆمەڵایەتی وسیاسیەکان.ئێستا ئەگەر بپرسین، بزوتنەوەی کوردایەتی کەبۆ خۆی زادەی هۆکارە دەرەکیەکانە،ئایە سەرمایە سیاسیەکەی چیە؟ئەحزابی کوردی سەرمایە سیاسیەکەی یان ڕاستترە بڵێین ئەفسانەی وجودی ئەم جۆرە لە ئەحزاب، واتە بابەتەکەی یەکسانە بەوجودی ئەو ستەمەی کەلەسەر ئەساسی جیاوازی نەژادی دەرهەق بەئەو وجودی هەبوە وهەیە.ناسیۆنالیزمی کوردی بەرهەمی هەڕەشەکردنە لەسەر زمانی کلتوری وەبونی . ئەگەر مێژووییانە سەیری ئەم بزوتنەوەیە بکەین ،مێژووەکەی لەوکاتەوە دەست پێدەکات کەخاکەکەی دابەش دەکرێت ،هەرچەندە لەسەرەتاوە وەك بزوتنەوەیەکی مللی دەرکەوت. وەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گەلەکەشی دەبێتە هاوڵاتی دەرەجە دوو وەحسابی کەمینەشی بۆدەکرێت .ناهێڵرێت بچوکترین دەورو تەئسیری هەبێت لەسەرئاستی دەوڵەت ،لەسەر ئاستی قەومیش ستەمی دەرهەق دەکرێت ودەچەوسێنرێتەوە.تادەگات بەلەناوبردنی ڕەگەزی،ئەم لەناوبردن و سڕینەوەیە پاشتر لەسەردەستی ناسیۆنالستی ئەو وولاتانەی کە کردی تێدایە ،فۆڕمی جۆراوجۆری وەرگرت دژبە کورد. ئەمەش یەکسانە بەمێژووی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە ،بەڵام بۆچی تەنها بزووتنەوەی ناسیۆنالستی لەکوردستاندا گەشەی کردوە ؟سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تری لەخۆیەوە پێچاوە .یان باقی بزوتنەوەو هێزەکانی تر زۆر لاوازن. لەکاتێکدا ئەم بوارانەش پێویستیان بەوەڵام دانەوە وبزوتنەوەی جدی هەیە .وەك پێشتریش باسمان کرد بەگشتی ناسیۆنالیزم لەم کۆمەلگایانەدا دەرەنجامی گەشەو زەرورەتی زاتی ،واتە زادەی گەشەی ڕەوتی ناوەکی کۆمەڵگاکانیان نین. بەڵکە کاردانەوەیە لەبەرامبەر بەبێگانەدا ،بونی هێزێکی توندە لەدەرەوە کە ناسیۆنالیزم ئەکتڤ وزیندو دەکاتەوە، دەیکاتە پڕۆژەیەکی سیاسی، وەبەشی ئەوەی وزەو ووشیاری دەداتێ کەبونی خۆی بسەلمێنێت .چونکە ووشیاری بریتیە لەپەیوەندی بەردەوامی من بەوی ترەوە، ئەوی تریش بریتیە لەهەرشتێك یان بابەتێك کەچالاکی دروست بکات یان ئالوگۆڕ پێك بهێنێت ،بەمەش ناسیۆنالیزم دەبێتە پڕۆژەیەکی سیاسی کە پێشتر وابوونی نەبوە وبەوشێوەیە نەناسراوە.هاوکات یان پاشتر فەندەمینتالیزمی دینیش

دەکەوێتە دروستکردنی ڕەوتێکی باو، بەڵام ناتوانێت بەئەندازەی ناسیۆنالیزم پەرەبسێنێت ،وەپڕۆژەکەی دوادەکەوێت ، کەپاشتر لەهەلو مەرجێکی تایبەتدا، لەشێوەیەکی زۆر ڕادیکاڵ وبەربەریدا شکڵ دەگرێت، ودەکەوێتە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتداری پەراوێزی ڕۆژئاوا.حزبی بەعس وەك لوتکەی بزوتنەوەی قەوم پەرستی لە عێراقدا، لەسەر ئەساسی قەومی عەرەبی بیناکراوە ،ئایدۆلۆژیای ڕەسمی ئەم حزبە شۆڤێنی عەرەبیە .(دەکرێت ئەمە وەك فاکتەرێکی مێژووی تەماشا بکرێت) کەلەبەرامبەردا ناسیۆنالیزمی کورد وەك ڕەد فعل وەك دژەبابەت کەلەهەناوی بابەتەکەیەوە دەرچوە، کاراترکردەوە لەبەرامبەر بەم ناسیۆنالیزمە گەشەی کرد.ئەم ئەحزابە(بزوتنەوەی کوردایەتی) کەشەرعیەتیان لە چەمکی نایۆنالیزمەوە وەرگرتوە ،کەیەکسانە بە چەمکی کوردایەتی، وەسواری ئەم شەپۆلەبون . بەڵام بەدرێژای تەمەنیان لە هاوپەیمانێتیدابوون، وەهاوکاری دوژمنانی چەمکی کوردایەتیبوون بەئاشکراو بەنهێنی .لەدوای ڕوخانی حکومەتی عێراقی وحزبی بەعس لە ئاستی سەرکردایەتی ومەکتەبی سیاسی دا فایلەکانیان ئاشکرابوون .لەگەڵ دەست بەکاربوونی حزبی بەعسدا بزوتنەوەی کردایەتیش دەچێتە قۆناغێکی ترەوە. لەبزوتنەوەیەکی مللیەوە دەبێتە خاوەنی پڕۆژەیەکی سیاسی. بۆیە کاتێك ئەم ڕژێمە توشی لەناوچون هاتوە ئێستا چەشنێك لەئشکالیەت بۆ بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد دروست بوە.ئالێرەوە تێدەگەین کاتێك ئەم ئەحزابانە باس لەگۆڕان دەکەن خواستێکی زاتی و ئارەزوو مەندانەی ئەمان نیە، بەڵکە زەرورەتێکی مەوزوعیە و بەناچاریدەبێت قبوڵ بکرێت وەپەنای بۆببرێت.لەلایەکی ترەوە ئەحزابی کوردی لەژێر تەئسیری ئەو پڕۆژەیەی ئەمریکا هەیەتی بۆ پێناسەکردنەوەی ئەم ناوچەیە ،هاتوە خۆی سەرلەنوێ ئارایشت دەکاتەوە. بۆ یەفاکتەرە زاتیەکانی خۆی وەلاوەناوە .ئامادەی وەڵام دانەوەنیە پێیان ،وەناتوانێت بیان گۆڕێت.تائێستانەیان توانیوە دەسەڵاتێکی شەرعی سێنتڕاڵ دروست بکەن .بەڵام ئامادەیە خۆی لەگەڵ خواستەکانی ئەمریکادا جوت بکات، وەك مەوزعیەتی گۆڕان لەم ناوچەیەدا .لەکاتێکدا هەڵوێستی ئەمریکا لەسەر بەرژەوەندیەکانی وەستاوە نەك ئایدۆلۆژیا یان هەڵوێستێکی ئینسانی وئەخلاقی. بۆیە خۆبەستنەوە بەهەڵوێستی ئەمریکاوە بەمتڵەقی هەڵەیەکی کوشندەیە، ناکرێت پشت ئەستوربین بە وەعدە و بەڵێنەکانی .ئەوەی کەخواستی ئەمریکایە سەدلەسەد جێبەجێی بکەن. ئەوا ئەمە کارێکی سانانیە ،چونکە وڵاتانی ڕۆژهەڵات جاریێ تەکنیکەکەیان زۆر نزمەو ناتوانن بەشداری نەلەبازاڕی تەکنەلۆژیای جیهانیدا بکەن ،نەش دەکارن پێداویستیەکانی ناوەوەی وڵاتانی خۆیان دابین بکەن .واتە وابەستە بونیشیان بەبازاڕی جیهانیەوە کێشەی نەك ئابوری وسیاسی بەڵکو کۆمەڵایەتیو کلتوری شیان بۆدروست دەکات .وەئەو پڕۆژەیەش کەئەم هێزە(ئەمریکا) لەئەجندەی خۆیدا هەڵی گرتوە ،ئەگەر دیموکراسی بێت ئەوا دیارترین سیمای دیموکراسی بەمەڕجەع بونی خەڵکە ،لەهەر وڵاتێکدا ئەگەر بونی هەبێت، وەڕێزگرتنە لەئیرادەی ئەوان ،بەڵام کاتێك کەکورد خەریکن چارەنوسی دیاری دەکەن، دوور لەئیرادەو خواستی خۆی.

کارەکتەری سەرەکیش لەم یاریەدا بێگومان ئەمریکایە ،ئەوە جێگای‌سەرسڕمانە .ئەمە بەبڕوای من دوو سەبەبی ئەسڵی هەیە .یەکەم بزوتنەوەی کوردایەتی لەتەعاملیدا لەتەك ئەم هێزەدا هیچ مەرجێکی نەبوە تەنها وەك عامل مساعید کاری کردوە .دووەم ئەو دیموکراسیەی کە ئەمریکا ئیدعای دەکات مزەییەفەو مەرج دارە ،یان باش دەزانێت کە دیموکراسی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا واتای گرتنەدەستی دەسەلات، لەلایەن ئەو کەسانەوەی کەدەتوانن سامانی وولاتەکەیان بۆ بەرژەوەندی وولاتەکەی خۆیان بەکاربهێنن ،ئەمەش واتای بێ بەشە کردنی ئەو دەگەیەنێت لەو سامانە .ئەمەش ڕێك پێچەوانەی ئەوەیە کەئەمریکا کاری بۆکردوەو بۆی هاتوە.بەلام بۆچی ئەم خواستە(خواستی گۆڕان) لە(1991)بەوشێوەیە نەکەوتەوە، لەگەڵئەو هەموو گۆڕانەی کەڕویدا ؟!چونکە سەبەبی ئەسڵی تەواجدی ئەم ئەحزابە وەك خۆی مایەوە هەرچەندە دەسەلاتیشی لاوازبوو .هەربۆیەشە هیچ کاتێك هێندەی ئێستا باسیان لەگۆڕان و پرۆسەی گۆڕان نەکردوە وپێویستیان پێی بەبوە .لەوکاتەوە ئێستاشی لەگەڵدابێت بەهەمان قانونەکانی بەعس کاردەکەن، نەیان توانیوە لێی‌لابدەن ،ئەمەش بۆخۆی بەڵگە لەسەر ئەوەی نەدەتوانن نەویستوییانە بیگۆڕن .سەرەڕای ئەوەی باسی گۆڕان دەکەن ،بەلام فاکتەرێکی زۆر جەوهەریان لەبیر کردوە یان نەیان توانیوە دەست نیشانی‌بکەن. ئەویش میکانیزمی گۆڕانە.. یەکێك لەخالە بنەڕەتیەکانی گۆڕان سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی حزبە ،تاهەیکەلە هەڕەمیەکەی پێچەوانە ببێتەوە .هێزی بڕیار بداتەدەستی کادرەکانی حزب. لەجیاتی تاکەکەس سەرەك یان سکرتێر ،حزب لەکۆمەڵگا تەقلیدیەکاندا بەگشتی موڵکی عەشیرەت یان بنەماڵە یان تاکەکەسێکە. سەرکردایەتی وڕابەرایەتی ئەم حزبە بەشێوەیەکی پشتاو پشت وەردەگیرێتەوە ،وەدواجار لەلایەن کەسێکەوە مۆنۆپۆڵ دەکرێت ،تەنانەت حزبێك زۆر جار بەناوی کەسێکەوە دەناسرێت .تەنانەت کەسە دەرەجەیەکەکانی ئەم بنەماڵەو عەشیرەتە، یان کوڕو برای ئەو کەسەی ڕابەرایەتی حزبی لەئەستۆدایە ،بەبێ‌بونی هیچ خەبات و ئەزمونێك ،تەنانەت نەبونی هیچ باگراوندێکی فکری و مەعریفیش، بەبێ ئەوەی بەڕیزبەندیو پلەکانی حزبدا بڕوات ،ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندامی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی .تەنها ئینتما بۆ ئەوانەی سەرەوە بەسە بۆ پێدانی مەکانەت لە ناو حزبدا ،ئەمەش دەیسەلمێنێت ئینتماکردن بۆ حزب پەیوەندی بەهیچ ڕەهەندێکی عەقڵی ومەعریفیەوە نیە.ئێستاش کەهەڵبژاردن بەڕێوەیە ئەم حزبانە کە خۆیان سەرچاوەی بەشی زۆری نەهامەتیەکانی خەڵکن، بانگەشەی بەرەو پێش چوون و چاکتربونی هەلومەرجی ژیان دەکەن ،هەرهەمان قسە کەپێش (14)ساڵ کردویانە. نەیان توانیوە جێبەجێی بکەن، هەر خۆیان ئەم واقعەی ئێستایان ڕاگرتوەو درێژەی پێدەدەن. چونکە لەڕەچەڵەکدا واقع بریتیە لە دەسەلات .بەواتایەکی‌تر واقع هێزێکی لەپشتە تابمێنێتەوە .وەکاتێکیش ئیدعای گۆڕین وبەرەو پێشبردنی واقعەکەدەکەن ، چۆن واقع دەگۆڕێت کاتێك هێزەکانی گۆڕان وبیر کردنەوە لەواقع هەرهەمان هێزو کەرەستەبن کەواقعەکەی دروست کردوەو ڕایگرتوە.خاڵێکی‌تر ئەوەیە پێش ئەوەی

پڕۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت ئەنجامەکەی ڕاگەیەنراوە، بەبێئەوەی کەپێشتر ڕاوێژی لەسەرکرابێت ،وەحساب بۆ هیچ هێزێکی سیاسی تر لەدەرەوەی (ی ن ک ،پ د ک )کرابێت .کورسیەکانی پەرلەمان دابەشکراوە .ئەمەش تازەترین مۆدێلە کە ئەم ئەحزابە دایهێناوە .پاشان هەڵبژاردن چی مانایەکی هەیە کاتێك نەتیجەکە پێش خودی پڕۆسەکە کەوتبێت .ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کەکۆمەڵگای کوردی تاك ڕەهەندە، هاولاتی بچوکترین دەورو تەئسیری نیە، وەدەسەلات تاك لایەنە حوکم دەکات ،بڕیاردەدات، لەجیاتی سەرجەم کۆمەڵگا بیردەکاتەوە. هەرئیعتڕازێکیش هەبێت زەربی سفریدەکات .بەپێچەوانەی ئدعای ئەحزابی دەسەلات دارەوە ،من پێم وایە ،تەجروبەی هەڵبژاردن لەکوردستاندا زۆر فاشل بوە .چونکە تەمەنی پەرلەمانەکەیان زیاتر لە سێ تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی درێژکردەوە.نەیان توانی هەڵبژاردن دوو بارە ئەنجام بدەنەوە .ئێستاش ئەگەر ئەمریکا نەبوایە خوا دەزانێ تاکەی درێژەی دەکێشا ،سەرەڕای ئەوەش لەژێر فشاری ئەمریکادا ملیان بە دوو بارەکردنەوەی داوە ،نەیان وێرا هەڵبژاردنێکی دیموکراسی یانە ئەنجام بدەن .کورسیەکانی پەرلەمانیان دابەش کرد بەرلە هەڵبژاردنەکە .ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە باوەڕیان بەقورسای خۆیان نەبوو ،لەوە دەترسان کەمترین ڕێژەی دەنگەکان بەدەست بهێنن.لەدوای 14 ساڵ لەخەباتی ئەم حزبانە، ناوێرن و ناهێڵن نەیارانیان بزانێت هێزی ڕاستەقینەیان چەندە لەکوردستاندا. سەرەڕای ئەوەی ئەمانە قۆرخی سەرجەم هۆیەکانی کارو ژیانی خەڵکیان کردوە .ئەگەر تەماشای ئەو جوڵە بازرگانیەبکەین کە لەکوردستانی ئەمڕۆدا لەپەرەسەندندایە دەبینین، کەئەم بازرگانیە لەژێرمەرجەعیەتی ئەو تاقمەسیاسیەدایە کەپێیان وایە خاوەنی ماڵی کوردن ،وەبەجۆرێك لەجۆرەکان ئەمانە بەشێکن لێی. جگە لەوەی کەبەشی زۆر لەکۆمپانیاو بوارە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان هەردەستی ئەمانی تێدایە. کەواتە تازەمەنێکی تر یش هەر ئەمان دەبن هەم سیاسی وهەم بازرگانەکانیش . حزب نەك هەر نەیتوانیوە وەڵامی پرسیارەکانی ناخی کورد بداتەوە ،بەڵکە بەمیکانیزمێکیش کاری کردوە کەپرسیاری لەناخی خەڵکدا کوشتوە ،نەی توانیوە شەفاف وڕست گۆبێت لەگەیاندنی واقع وحەقیقەتەکاندا .وەجەماوەریش ئاگاداری ئەوە نەبوە لەسەر مێزی گفتو گۆکانیان لەگەڵ خۆیان وەلەگەڵ دوژمنەکانیشدا باسی چی کراوە وەبڕیاری چیدراوە .لەکاتێکدا ئەمەبەندە بەچارەنوسی ئەوانەوە .وەلەکارکردو بڕیاردانیشدا خۆی وەك تاکە مەڕجەع و هیچ ئیرادەو ڕوبەرێکیشی بۆ کۆمەڵ نەهێشتۆتەوە. تەنانەت مەرجی ژیان وئاسودەی تاکیشی بەستۆتەوە بەوجودی خۆیەوە.بەم مەعنایە مەودایەکی زۆر کەوتۆتە نێوان ژیانی فەردیو کۆمەلایەتی، وە ئەو بڕیارە سیاسیو ئابوریانەی کەسنور بۆ ژیانی شەخسی دادەنێن .ئەندامانی حزبیش دیدێکی کاریزمایانەیان لەسەر کەسی ڕابەر هەیە .لەکۆنگرەکانی خۆشیاندا بەزۆری دەنگ لەسەرسەری حزب فەرز دەکرێتەوە . کەمترین قسەشی لەسەر دەکرێت ،چونکە حزب وحکومەت یەك پێکهاتەیان هەیە، وەیەك شتن .کەواتە سەرەکی حزب ڕاستەوخۆ سەرەکی وولاتیشە ،ئەم کەسەش

لەسەر مەزاج و ئارەزووی خۆی بڕیار دەدات .وولاَت بەڕێوەدەبات، هەرچەندە ئەم کەسە نائازادە ئازانیە وەکەسێکی چەپیوە تەندروست بیر ناکاتەوە ،کەسی سەرکردەلەبەر ئەوەی ئازادنیە بەڵکە وابەستەیە هێشتا زاڵ نەبوە بەسەر مەیل و حەزو ئارەزوە غەریزەییەکانیدا ،تائێستاش کۆیلەی حەزو ئارەزوەکانیەتی ،کەواتەئەوەی بڕیاردەدات، وولاَت بەڕێوە ببات عەقڵ ومەنتق نیە. بەڵکە ئارەزوو غەریزەیە ،لەغیابی عەقڵدا ،کەواتە عەقڵ مەحکومەبە غەریزە..بۆیە یەکێك لەمیکانیزمەکانی گۆڕان قسەکردنی جدیە لەسەر خودی کەسایەتی وکارەکتەری ڕابەر وسەرکردەی حزب..لێرەوە دەتوانم بڵێم ئەوەی لەبەردەم ئازادبون وکراوەی کۆمەڵگادا بۆتە ئاستەنگ و لەمپەر ،خودی حزب و لایەنگرەکانیەتی،چونکە ئەم دەسەلاَتە ئازادیەکانی قۆرخ کردوە ،ئامادەش نیە بەئاسانی دەست بەرداریان ببێت ،وەك ئەوەی کە خاوەن وسەرچاوەی ئەسڵی ئازادیەکانی کۆمەڵگا بێت،هەرداش خۆی نیشان دەدات.ئەوەی سەیرە خودی قوربانیەکانی خۆی بەرگری لێدەکەن ، لە خەمی هێشتنەوەیدان بەسەر سەری خۆیانەوە.